کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-12-2007 0:05

بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران – 2707/9/14

**ئەم لام تات (تاشەبەرد) و ئەو لام تات، بانکیمۆن جیقم دەرهات!!! ... ح. س. سۆران**

نازانم نووسراوە پێشوو کەم، لە ژێر سەردێڕی " دەردە کورد " دا، بە خزمەت تان گەیشتوە یا خەیر؟



ئەگەر بە خزمەتتان گەیشتبێ و بە خشلی سەرنجی کوردانە و وردتان ڕازابێتەوە، بۆ من زۆر جێگەی شانازی و دڵخۆشیە. ئەگەر نەشتان دیبێ بە کورتی دەڵێم، لەو نووسراوە ڕەبەنە دا، کە خۆم بانگی "تابلۆ مووزیکالم "، بە گوێ دا داوە و ناوم ناوە، چەرمەسەرێ، چەوسانەوە و پاکتاوکردنی کوردم، لە پارچەکانی کوردستان، بە دەردێک داناوە، کە هێشتا لە وشەنامەی (قامووسی) پزیشکی دا بە هیچ کلۆجێک باسی نەکراوە، بەڵام، زۆر لە مێژووە بوە، ئێستاش هەیە و لەوەش ناچێ لە داهاتوویەکی زۆر نزیک دا چارە بکرێ، مەگەر بە خەباتی شێلگیری هەمە لایەنەی کورد یا لێک دان و ڕماندنی تەواوی سنوورە کانی نێو نەتەوەیی جیهان-کە زۆربەیان داتاشراون- و لە زاراوەی زمان ناسی ڕامیاری دا، ناوی ئەو سنوور ڕووخاندنەیان ناوە "گلۆبالیزاسیۆن ".

کارەساتی ژیانی کورد، مرۆڤ وەبیر ئەم هۆنراوە فۆلکلۆریە دەخاتەوە، کە دەڵێن کابرایەک ویستی لە کۆڵانی نێوان دو تاتە (تاشە) بەردەوە ڕەت بێ. بەڵام، یا خۆی زۆر قەڵەو و گمتە بو، یا کۆڵانە کە زۆر تەسک و باریک بو – یا هەردوکیان!!! لە ئاکام دا، کابرای ڕێبوار گیرا قەڵەشتەکە، گیری خوارد و نەیدەتوانی، نەڕەت بێ و بڕوا، نە بگەڕێتەوە بۆ دواوە. لەپاش ئەوەی چەند جار هاواری لە خودا، پێغەمبەر، پیر و غەوسی گەیلانی کرد، بە دەنگی بەرز گازی کردەوە (هاواری کرد) "ئەم لام تات و ئەو لام تات، ئەی خەڵکە جیقم دەرهات!!!

ئێمەش ئێستا گیراوینەتە قەڵەشتی چەتوونی ڕامیاری ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست، هەرچی هاوار لە بانکیمۆن دەکەین، وەڵامان نیە، گلەییشی لێ ناکەم، چون ئەو (مۆنە هەژارە)، بەرپرسی یەکیەتی دەستەڵاتە یەکگرتوومانە، نەک نەتەوە یەکگرتووەکان. کامە نەتەوە؟

فارسەکان (کە هاو ڕەگەزمانن)، زۆر جار دەفەرموون، هەولێر، قامیشلی، ئامێد و لاچینیش کوردستانە و لەبەر خۆێریەتی پادشاکانی پێشوی ئێران داگیر کراون ؛ تورکە کان هەر دانیشمان پێدا نانێن و بڵێن کوردین سەروکارمان لە گەڵ میتە، زۆربەی عارەبەکانیش بە بۆنەی ئۆمەتی ئیسلام بوونمانەوە، بە بەشێک لە نیشتمانی گەورەی عاربمان دەزانن - تازە دان بە دەڵەمەی فێدێرالیزمیش دا نانێن ؛ ئەرمەنیە کانیش (کە پێیان دەڵێین ئاموزا!!!)، دەڵێن زۆربەی کورستان، ئەرمەنستان بوە و لە پاکتاوی ڕەگەزی عوسمانی دا، کوردی تێ هاتوە و ڕەنگە تۆزێکیش بێ هۆ و بەڵگە تاوانبارمان دەکەن. لە ئازربایجانی پێشووێ شوورەویش، بە تەورێز و ئاردەوێل و ئەوانە دەفەموون، ئازربایجانی باشووری و بە تەواوی کوردستانیش دەڵێن، ئازربایجانی ڕۆژاوا و دەڵێن ئەگەر ئەو دەڤەرە ئەگەر ئازەری (تورک) نەبوون، بۆچی زوربەی ناوە کان تورکین و بە هەزران دانە وشەی "کەندی"، " بلاغی"، "داغ"، "لی " و ئەو چەشنە پاشکۆیانە، لە کورستانی گەورە هەیە - کەس نیە وەڵامیان بداتەوە، کە بە زۆر داری ناوە کوردیە کانتان کردوە بە تورکی، فارسی، عارەبی، ئەرمەنی و... ئێستتاش هەر درێژەی هەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:05 7-12-2007

قوربان گیان! تۆفیری سەرەکی ئێمە لە گەڵ ئەو جیرانە خۆشەویستانە ئەوەیە، کە ئێمە هەموویانمان خۆش دەوێ، رێزیان بۆ دادەنێین، ددانیان پێدا دەنێین، بەڵام لالۆ! کوا دەستێک بە تەنیا تەقەی دێ.
بۆیە دوپاتەی دەکەمەوە و دەڵێم ئەم لام تات و ئەو لام تات، بانکیمۆن جیقم دەرهات!!! مەگەر بیلامانێ 50 میلیۆن کورد خودایە، لا مەکان بێ؟؟؟!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.